# شێخ زانا

**وەڵامێکی کورت بە نوسینێکی حاجی مەریوان نەقشبەندی و ئالان سیان**

**مەنسوری هەلاج**

**بەڕێز مەریوان نەقشبەندی لە نووسینێکدا کە لە ماڵپەڕی کوردستان نێت داو لە ڕۆژی 17-7 بڵاو بۆتەوە نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لەوەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن شێخ زانا بە شێخ ناو دەهێنن و ئەمە بە شکستێکی نوێ تۆمار دەکات بۆ ڕاگەیاندنی کوردی چونکە لە ڕوانگەی بەڕێزیەوە زانا شێخ نییە بەڵکو ئیسلامییەکی توندڕەوو تەکفیرییە هەرچەندە کاکە شێخ و ژنەکەیی و دایکی، ساڵی ڕابردوو لە سەفەری حەجدا لە گەڵ حاجی مەریوان دا بوون و بە گوتەی خۆی هیچ شتێکی نائاسایی لێنەدیوە ،دواتریش لە درێژەی نووسینەکەیدا دەفەرموێت کە ئایینی ئیسلام ئایینی لە 98% خەڵکی کوردستانە .**

**هەروەها بەڕێز ئالان سیان هەر لە کوردستان نێت و لە هەمان ڕۆژدا ، لە گۆشەنیگایەکی ئیسلامیانەی ناکۆک بە گۆشەنیگاو تێڕوانینی کاک مەریوان (بەڵام لە ناوەڕۆکدا کۆک !) بابەتێکی نوسیوە بە ناونیشانی (نمایش کردنی شانۆیەکی سەرنج ڕاکێش لە هەولێر!) ئەمیش هەر وەک کاک مەریوان نارەزایەتی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە بە شێخ زانای حاجی و قورئان خوێن و ئەندامی ئەنسارو تەوحیدو جیهاد بگوترێت ئیسلامی ، چونکە بەڕێزی پێی**

وایە عارەق و بیرە خواردنەوە لە دینی ئیسلامدا حەرامە و مادام شێخ و هاوەڵەکانی ئەم کارەیان کردووە ئیتر ئەوانە ئیسلامی نین !

لە بەر ئەوەی هەردوو بابەتەکە یەک ناوەڕۆک هەڵدەگرن (ئەگەر چی دوو کەسی جیاوازو ناکۆک بە یەک لە ڕووی فکری و سیاسییەوە نووسیونی) یەک وەڵامی کورتم بە پێویست زانی بۆ هەردوکیان ، ئومێدەوارم دەروونیان بۆ ڕەخنەلێگرتن فراوان بێت و وەک حاجی شێخ زانای ئیسلامی پەنا نەبەن بۆ شمشیر بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکان (ئەو چاوەڕوانیەشم هەیە لە کەسێک کە دەستی بۆ قەڵەم برد دەست بۆ شمشێر نەبات).

کاک مەریوان دەنووسێت کە دەبوو لەو ڕۆژەوەی کە شێخ زانا دانی نا بە تاوانەکانی خۆیدا دەبوو ڕاگەیاندن پێشگری شێخی لە ناوەکەی بکردایەتەوەو بە زانای ڕووت و قوت ناوی بهێنایە ، والعکس صحیح کاک مەریوان دەبوو ئەم زانیارییە تازەی بەڕێزت کە پار لە سەفەری حەج بووە بکرایەتە پێشگری پێشگرەکە واتە بکرایەتە <u>حاجی شێخ زانا</u> ، ئاخر شێخ و مەلاکان و ئەو مامۆستا ئایینیانە کەمتریان نەکردووە لە حاجی شێخ زانا ، هەر بە فیت و هاوکاری و پلانی ئەوان و بەعس نەبوو عبدالخالق مەعروف تیرۆر کرا؟!
ئێستاش بە فەتوا حەماسی و خوێناوییەکانی شێخ مەلا بەشیر لە هەولێردا میتۆدی قەبووڵ کردنی بەرامبەر تا دێت لاوازتر دەبێت و میتۆدی جیهاد جێگەی دەگرێتەوە ! ئەی بەڕێزت فایلی ڕەشی بەعسیانەی کاکە (حەمەی شێخ عبدالکریم )ی خاوەن تەکیەو دیوەخانت لە ماڵپەڕە کوردیەکاندا نەخوێندەوە کە چۆن ئەمن و ئیستخباراتی بەعس نامەی دڵدارییان بۆ دەنوسی ! بەڵام ئەوانە بۆ ناخرێنە بەر لێکۆڵینەوەو زیندانی کردنەوە بەڵام حاجی شێخ دەخرێت فالمعنى فی قلب الشاعر !

ئەوە نوکتەیەکی زۆر کۆنە کە هەر کەسێک چەوت جوڵایەوە ئیتر لە سجل و صحیفەی ئیسلام ناوی بسڕنەوە ، بەڵام بەر لە دەرکەوتنی چەوتیەکەی بە نموونەی ئینسانی لە خواترس و بە تەقوا بە کۆمەڵگای دەناسێنن ، هەر بە پێی فەرموودەی بەڕێزت حاجی شێخ کەسێکی زۆر ئاسایی بووەو پێم واشە بە پێی ئەوەی کە هاوسەفەرت بووە بۆ بارەگای تعالی زۆر ڕێزی زیاتر بووە لات لە کەسانێک کە لە دووربینی ئیسلامەوە سەیری مرۆڤ و مافەکانی ناکەن و ئەم دووربینە بە بچوک دەزانن بۆ دونیابینی ! ئیتر بۆ ئێستا لە هەوڵی پڕکردنەوەی تەبەڵەدای لە بەشی نەخۆشییە دەروونیەکان بۆ حاجی شێخ!

لە ڕاستیدا تیرۆرو هەوەسبازی و ئیغتیسابی کچان بەشێکە لە کارنامەو مێژووی ئیسلام و محمدی ئیسلام لە شێخ زانا کەمتری نەکردووە،تیرۆر ، سەربڕین ،بە کەنیزە کردنی کچانی گیراو لە شەڕەکاندا و سێکس کردن لە گەڵیاندا لە نەریتە داهێنراوەکانی محمد و ئیسلامن .

سەبارەت بە سەرژمێرییەکەشت کە لە 98% خەڵکی کوردستان موسڵمانن ، نازانم ئەم شیکارەت چۆن کردووە لە کاتێکدا کە بەڕێزت لە ووتارەکەتدا گروپە ئیسلامییەکان بە تەکفیری و دوژمنی ئیسلام ناوزەد دەکەیت ، بە پێی ئەم ماتماتیکە نوێیەی بەڕێزت لە 2% خەڵکی کوردستان موسڵمان نین واتە ئەگەر خەڵکی کوردستان مەزەندە بکەین بە 4 ملێون کەس ،دەبێت 80 هەزار کەس ئیسلامی تەکفیری ناموسڵمان و کۆمۆنیست و شیوعی و مەسیحی و یەزیدی و مناڵبازو هەوەسبازو قوماربازو کچی سفورو قژ ڕووت و عەرەق خۆرو خوێن خۆرو بەشەر خۆری تیابێت کە تۆ ئەمانە هیچیان بە موسڵمان حساب ناکەیت ! ئەی ئیتر لە کوێوە ئەم ڕێژەی لە 98% دروست دەکەن ، بۆ ئەم شێواندنە لە یاساکانی ماتماتیکدا؟!

له ڕاستیدا ئیسلام نەک دینی 98% هیچ کۆمەڵگایەک نییە بەڵکو بە زەبری تیرۆرو تۆقاندن سەپێنراوە بە سەر 98% کۆمەڵگاداو ئەگەر ئیسلام تروسکەیەک لە ئازادی هەڵبژاردنی بهێشتایەتەوە ئەوا دینی لە 2% کۆمەڵگاش نەدەبوو ، دەلیلیشم بۆ ئەم قسانەم :

"فاذا لقیتم الذین کفروا فضرب الرقاب حتى اذا اثخنتموهم فشدوا الوثاق........................................ سوره محمد آیه 3

"فاذا انسلخ الاشهر الحرام فاقتلوا المشرکین حیث وجدتموهم و خذوهم واحصروهم واقعدوا لهم کل مرصد فان تابوا واقاموا الصلوه واتوا الزکوه فخلوا سبیلهم ان الله غفور رحیم ...... سوره التوبه آیه 4

"انما جزآؤا الذین یحاربون الله و رسوله و یسعون فی الارض فسادا ان یقتلوا او یصلبوا او تقطع ایدیهم و ارجلهم من خلاف او ینفوا من الارض........... ............. سوره المائده آیه 32

بەڵێ کاک ئالانی بەڕێز خۆت گوتەنی شێت زانا ئەم هونەری دەست بڕین و قاچ بڕینەی لەهونەری ئەو ئایەتەی سەرەوە دەرهێنا کە چەندین ساڵە ئێمەیان وا بار هێناوە کە نەوێرین بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئەم هونەرە بکەین !

ئەوەی لە قوتابخانەی بالێ و سەما دەرسی خوێندبێت ، ئەوە فێری سەماکردن دەبێت ، ئەوەی دەرسی مۆسیقای خوێند فێری هونەری مۆسیقا لێدان دەبێت ، ئەوەش کە لە قوتابخانەکانی دەست بڕین و قاچ بڕیندا دەرسی خوێند هەر فێری ئەم هونەرە دەبێت ، ئەوەش لای هەموو کەسێک ڕوون و ئاشکرا بێت ئەوانەی دەستیان بڕییەوەو خەڵکیان کوشت و مناڵبازییان کردو کچبازییان کردو شوێنە گشتییەکانیان تەقاندەوە ، هەموویان دەرچووانی قوتابخانەکانی مزگەوت و دەرسەکانی جیهاد بوون !! ئەوەش کە پرسیار دەکەیت لە هەموو

ڕوشنبیریێکی کورد که بزانن عارەق و بیره خواردنەوه له ئیسلامدا حەرامەو ئەمه دەکەیت به بەڵگەیەک بۆ نائیسلامی حاجی شێخ زانا (که دیاره کاک مەریوان له ووتارەکەیدا به پێچەوانەی بەڕێزت بەڵگه دەدات بۆ ئیسلامی بوونی حاجی شێخ!) من له تۆ دەپرسم : خۆ ئێوه دەڵێن کوشتنیش له دینی ئیسلامدا حەرامه ئەی بۆچی ژنه کادیریێکی یەکگرتوو له گەڕەکی خەباتی سلێمانی دەست دەخاته بینه قاقای دوو منداڵی مێردەکەی که له خۆی نین و تا هەناسەیان له بەر نەبڕێت وازیان لێناهێنێت و دواتریش تەرمەکانیان دەشارێتەوه ، ئەگەر قسه له سەر محەرەماته له دینداو کوشتنیش به یەکێک لەو موحەرەماته دەزانن دەکرێت دەستنیشانی ئەو دەسته بکەن له پشتی کوشتن و سەربڕین و تەقینەوەکانی لەندەن و بەغداو هەولێرو ئیسپانیاو حلەو موسەیەب و.........هتد ، بێجگه له دەستی ئیسلام هیچ دەستێکی تر هەیه ؟!
من خوازیار بووم هەموو موسڵمانێک دژی کوشتن و سەربڕینی مرۆڤ بووایه بەڵام دڵنیام <u>هەموو مرۆکوژو تیرۆریست و تەقینەوەیەک موسڵمانێکەو دەستێکی به دەستنوێژ و دەمێکی قورئانخوێن ئەنجامی دەدات</u> !!

2005_07_18

mansorihalaj@hotmail.com